# چەمچەماڵ چوارەمین فێستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیانی لە ئامێز گرت

نووسینی: **شوان شوانی**
وێنەکان: **خەلیل عەبدوڵلا**

چەمچەماڵ چوارەمین فێستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیانی لە ئامێز گرت، لە کاتژمێری «١٠»ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٢٠ لە گۆڕەپانی بەردەقارەمان کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری چوارەمین فێستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیانی لەژێر دروشمی (پاراستنی کولتوور و فۆلکلۆری کوردی، زیندووڕاگرتنی گیانی نەتەوەییمانە) ساز کرد.
لەو فێستیڤاڵەدا وێرای ئامادەبوونی بەڕێزان عەدنان موفتی؛ جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، فەتاح خەلیل؛ وەزیری ڕۆشنبیری و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حیزبی و حکوومی و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوماقووڵ و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، فێستیڤاڵەکە بە چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز و دەقەیەک بێ دەنگ وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان دەستی پێکرد، دواتر وتاری لیژنەی باڵای فێستیڤاڵ لەلایەن کاک (بەهمەن حسێن)ەوە خوێندرایەوە کە تیایدا بە ناوی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک بەخێرهاتنی میوانەکان و ئامادەبووانی کرد و ئاماژەی بە سازدانی چوارەمین


کیژەکوردێکی دەڤەری گەرمیان

فێستیڤاڵ کرد کە لە دەڤەری چەمچەماڵ و شارستانیەتی (چەرمو) بە پاڵ بەردەقارەمانەوە ساز دەکرێت و تیشکی خستە سەر بەشە بەشداربووەکان و ئاوڕدانەوەیەک لە ژیانی پڕ سەروەریی کوردەواری.
دواتر چەندین دیمەنی فۆلکلۆری کە گوزارشتیان لە ژیانی پێشینانی کوردەواری دەکرد، لە دوای سازدانی «٣» فێستیڤاڵی پێشوو لە (دەربەندی خان، کەلار، کفری) شاری چەمچەماڵیش چوارەم فێستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیانی لە ئامێز گرت، چونکە شاری چەمچەماڵ یەکێکە لەو شوێنانەی مۆرکی فۆلکلۆری بە خۆیەوە




گرتووە و بە یەکێک لە شارەکانی گەرمیان دادەنرێت، خەڵکی ئەو دەڤەرە تامەزرۆی ئەوەن کە دیسانەوە بۆ چەند ساتێک بگەڕێنەوە ناو دنیای فۆلکلۆر و بۆ دوژمنانی بسەلمێنن کە ئەنفال و جینۆساید هیچ کاتێک نەیانتوانیوە ئەو مۆرکە کوردەوارییە لەو دەڤەرە بسڕنەوە.

## هەڵکردنی چوار مەشخەڵی فێستیڤاڵ

کردنەوەی فێستیڤاڵ کە بە هاتنەژوورەوەی سوارچاکان دەستی پێکرد و لەگەڵ هاتنیان بۆ ناو گۆڕەپانی نمایشەکە کە حیلەی ئەسپەکانیان لەگەڵ هەل هەلە و چەپڵەڕێزان و گۆرانیی (هۆڕاوچی) ئاوێتەی یەکتری بوون و چوار مەشخەڵی فێستیڤاڵەکەیان داگیرساند کە نیشانەی سازدانی چوارەمین فێستیڤاڵ بوو.

## تاوێک لەگەڵ قەتاروئەلاوەیسدا

لە یەکێک لە بەشەکانی ناو گۆڕەپانی نمایشەکە دەنگێک ئەو پێ دەستەی لە ئامێزگرت و بۆ چەند ساتێک گەڕاینەوە ناو هونەرە ڕەسەنەکەی فۆلکلۆری کوردی و بە دەنگی هونەرمەند «ڕەمەزان گەرمیانی» دیسانەوە ئاشنای قەتاروئەلاوەیسی کردینەوە بە مەقامەکانی (ئای ئای، خاوکەر، قەتاروئەلاوەیسی، بەیات و چەندین گۆرانیی فۆلکلۆری.)

## غارغارێن و سوارچاکی

حیلەی ئەسپەکان و دەنگی پێیان و کەوتنە ڕاوکردن و غارغارێن و سوارچاکی کە ئەوەش یەکێکە لە نەریتە کۆنەکانی ئەو دەڤەرە، سوارچاکان بە چواردەوری گۆڕەپانەکەدا دەهاتن و هەریەکەیان بە شێوازی تایبەت نمایشی خڕی دەکرد و گۆرانیی (مەڕۆمەڕۆ سەوزە مەڕۆ) ئەو دیمەنەی زیاتر و زیاتر دەڕازاندەوە.

## کۆچ و کۆچبار

کۆچ و کۆچباری یەکێکە لەو نەریتە کۆمەڵایەتییەی لەناو کوردەواریدا باو بووە، لەم دیمەنەدا گاوان و شوانکارەکان مەڕوماڵاتیان دابووە پێش خۆیان و ماڵ و کۆچبەرییەکان لەسەر شان و لەسەر ئاژەڵ دەگواستەوە و منداڵە ساواکانیان بەسەرشانی دایکەکانیانەوە بوون تاوەکوو گەیشتنە ئاوەدانیەک و لەوێدا خێوەتیان هەڵدا و ماڵی کوردەوارییان ڕازاندەوە و ژیانی نوێیان دەست پێکرد.

## دیوەخان پێشەنگای کوردەواری

پیاوان دانیشتوون و خەریکی گەرمەی حیکایەتن و جارجارێک مەقامەکانی خاوکەر و ئای ئای دیوەخان پڕ دەکاتەوە لە جۆش و خرۆش، ئافرەتان خەریکی کاری ناو ماڵن و چایی و ماستاو و دۆ دەخەنە پێش میوانەکان، هەروەها لە لایەکی ئەم دیوەخانەدا نمایشی چەند پارچەیەکی فۆلکلۆری کرا کە بریتی بوون لە خەنجەر و مەشکە و کۆزە و لانکە و شەربە و...تاد

## تیپی نەتەوەیی میللی و نمایشێک

تیپی نەتەوەیی میللی کە میوانی فێستیڤاڵەکە بوو چەند نمایشێک و هەڵپەڕکێی کوردی و ڕەسەنی گەرمیانیان سازدا و زیاتر جۆش و خرۆشی خستە ناو فێستیڤاڵەکەوە بە پۆشاکی ڕەنگاوڕەنگی کوردەواری و گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی (خڕنگە خڕنگە).

## ژن و ژنخوازی

دیارە ژناوژن و ژنخوازی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا جیاوزییەکی زۆری هەیە، لەو کاتەدا ماڵی بووکێ خەریکی خەنەبەندان و ڕازاندنەوەی بووکێ و کۆکردنەوەی کەلوپەل دەبوون ماڵی زاوا خەریکی چێشتلێنان و خۆئامادەکردن بوون بۆ گواستنەوەی بووکەکەیان. کەسوکاری زاوا برا و دایک و خوشکەکانی بە هەلهەلەلێدان و چەپڵەڕێزان بە ڕێ کەوتن بۆ ماڵی بووکێ و پاشان بە گۆرانیی (زاوا لە بووکێ مەدە) کەلوپەلی بووکێیان گواستەوە بۆ ماڵی زاوا، لە ماڵی زاواش ڕەشبەڵەک و هەڵپەڕکێ سازدرا بوو لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ماڵی زاوا، منداڵ لە باوەشی بووک دانرا و چێشت لێنرا و میوانیان نان دا.

## دروێنەی کوردەواری

کاتی نمایشی دروێنەی کوردەواری هات و پیاوان کەوتنە دروێنەی کوردەواری، بەرهەمی ئەو ساڵەیان جلوبەرگی دروێنەوانییان پۆشیبوو لەگەڵ سەر و کڵاوی لبادیان لەسەر نا و داسیان بە دەستەوە گرت و دەستیان کرد بە دروینەکردنی دەغڵودان، ئافرەتەکان لە پشتیانەوە مەڵۆیان دەنایەوە، یەکێ لە ئافرەتەکان بەناویاندا دەگەڕا و ئاوی پێیان دەدا پاشان سفرەی ماندووێتیان ڕازایەوە، پشوویان دا بە خواردن و خواردنەوەی دۆی سارد لەگەڵ ئەم نمایشە گۆرانیی (ئەرێ لەیل هۆ لەیل) تێکەڵ بە کارەکانیان بوو، نیشانەی ئەوەی جووتیاران لەگەڵ گۆرانی دەچڕن.

## نمایشی یارییە فۆلکلۆرییەکان

دیارە لە کاتی خۆیدا جۆرەها یاری دەکرا لەناو گەنجەکاندا و لەو فێستیڤاڵەدا بەشێک لەو یارییانە نمایش کرا و ئەو یارییانەی بۆ جارێکی تر هێنایەوە ناو مەنزڵگای کوردەواری. هەر لەو بەشەدا منداڵانی قوتابخانەی ئەسیری سەرەتایی لە بەردەقارەمان کە منداڵانی ئاوارەی کەرکووکن چەند نمایشێکی یاریی منداڵانیان کرد و دواتر بە گۆرانیی (بووکە بە بارانە) بەناو گۆڕەپانی نمایشەکەدا بە ڕێ کەوتن.

## نمایشی ئەرکی ژنی لادێ

لەم بەشەدا چەند ئەرکێک کە ژنی لادێ پێی هەڵدەستێ نمایشی لەوانە (مافوورچنین، دۆینەنانەوە، مەشکەژەنین، خوریڕستن، ساوەرهاڕین بە دەستاڕ و...تاد) بەم نمایشە جارێکی تر ڕەسەنایەتی و کارەکانی ژنی لادێ بە بیری ئامادەبووان دا.

## ڕۆڵی شێت

هەموو کات و هەرکاتێک شێتێ لەناو کوردەواری هەبووایە بە هەرا و قسەی نەستەق و خۆشی بەشداری لە خۆشی و ناخۆشی یخەڵکی دەکرد و خەڵکی زۆریان خۆش دەویست و بە هێمنی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد و دەرگای هەموو ماڵێک لە هەموو کاتێکدا لە بەردەمیدا کراوە بوو، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆڵی شێتی فێستیڤاڵ هونەرمەند «پشکۆ محەمەد ڕەسوڵ» دەیبینی کە ئەمە چوارەم جارە ئەو ڕۆڵە دەبینێ و لە سێ فێستیڤاڵی پێشوودا ڕۆڵی شێتی بینیوە.

## لە پەراوێزی فێستیڤاڵەکەدا

لە پەراوێزی ڤیستیڤاڵەکەدا بەشی ئادابی زانکۆی دهۆک بە میوانی ئامادەی فێستیڤاڵەکە بوون، وێرای خۆشحاڵیدەربڕینی خۆیان و بە ناوی ئەوانەوە سڵاوی دەڤەری بادینان گەیاندە گەرمیان، تێکەڵ بە بەشداربووان بوون و بە چەند گۆرانییەک و هەڵپەڕکێی بادینانی بەشدارییان لە فێستیڤاڵەکەدا کرد و جۆرەها وێنەی جۆراوجۆریان لەگەڵ بەشداربووانی فێستیڤاڵەکەدا گرت، ئاڵوگۆڕی هاوڕێیەتیان بەست و گرێی خۆشەویستی و تەباییان بەست لەنێوان هەردوو دەڤەری گەرمیان و بادینان.
بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتن لە فێستیڤاڵەکەدا بەدی دەکرا و دەبێت سەرنج لەوەش بدەین کە چەندین میوان ئامادەی فێستیڤاڵەکە بوون، لەناویاندا دەرهێنەری سینەمای ئێران «بەهمەن قوبادی» هەروەها قوتابییانی زانکۆی دهۆک. بۆ زیاتر خزمەت و سەرکەوتنی ئەو فێستیڤاڵە لە ساڵی داهاتوودا هیواخوازین نمایشی زیاتری زیندووی فۆلکلۆری کوردی بکرێت و هەمووان بەشداری لە سەرخستنیدا بکەین ، لەبەر ئەوەی ئەوە نەریتێکە لە نەریتە مێژووییەکانی نەتەوەکەمان.

**تێبینی:**
بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی هەردوو هەفتەنامەی «ئاڵای ئازادی و ڕێگای کوردستان» ئامادە کراوە.


ژنان دەچنە کانی


مەشکە ژەنین


ساوەر هاڕین بە دەستاڕ


دیوەخانی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان ـ لقی چەمچەماڵ


ڕۆڵی شێتی


سوارچاکان لە کاتی هەڵکردنی مەشخەڵی فێستیڤاڵەکەدا